هەر مسوڵمانێک نزایەك بكات ونزاكە گوناهـ وپچڕاندنی پەیوەندی خزمایەتی تێدا نەبێت؛ ئەوا خوای گەورە بەهۆی نزاكەی یەكێك لەم سیانەی پێدەبەخشێت

لە ئەبی سەعیدەوە -ڕەزای خوای لێبێت- كە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەر مسوڵمانێک نزایەك بكات ونزاكە گوناهـ وپچڕاندنی پەیوەندی خزمایەتی تێدا نەبێت؛ ئەوا خوای گەورە بەهۆی نزاكەی یەكێك لەم سیانەی پێدەبەخشێت: یان ئەوەتا دەستبەجێ نزاكەی وەڵام دەدرێتەوە، یان ئەوەتا بۆی هەڵدەگرێت بۆ قیامەت، یان ئەوەتا بەپێی نزاكەی شەڕ وخراپەیەكی لێ دوور دەخاتەوە». ووتیان: كەواتە زۆر نزا دەكەین، ئەویش فەرمووی: «خودا زیاتر دەبەخشێت».

[سەحیح - ڕاست)] [(أحمد) ڕیوایەتی كردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت كاتێك مسوڵمان دەپاڕێتەوە لە خوای گەورە وداوا لە پەروەردگاری دەكات بەمەرجێك پاڕانەوەكە گوناهی تێدا نەبێت وەكو ئەوەی ڕێگای گوناهـ وستەمكردنی بۆ ئاسان بكات، ونزاكەی داواكردنی پچڕاندنی پەیوەندی خزمایەتی تێدا نەبێت؛ وەكو ئەوەی نزا بكات لەسەر منداڵەكانی وخزمەكانی، ئەوا خوای گەورە بەهۆی ئەو نزایەوە یەكێك لەم سێ شتەی پێدەبەخشێت: یان ئەوەتا دەستبەجێ لە ماوەیەكی نزیكدا وەڵامی نزاكەی دەداتەوە وئەوەی داوایكردووە پێی دەبەخشێت. یان ئەوەتا پەروەردگار -عز وجل- دوای دەخات؛ بۆئەوەی ببێتە پاداشت بۆی لە ڕۆژی قیامەتدا ئەمیش بە بەرزبوونەوەی پلەی لە بەهەشتدا، یان بە ڕەحمەت ولێخۆشبوون لە گوناهەكان. یان ئەوەتا هاوتا وهێندەی نزاكە؛ شەڕ وخراپەی لێ دوور دەخاتەوە لە دونیادا. هاوەڵان بە پێغەمبەریان ووت -صلى الله عليه وسلم-: كەواتە زۆر نزا دەكەین؛ بۆئەوەی یەكێك لەم فەزڵ وسوودانەمان دەستبكەوێت؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: ئەوەی لەلای پەروەردگارە زۆرتر وگەورەترە لەوەی داوای دەكەن، بەخشینی ناپچڕێت، وكۆتایی نایەت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5100